# دەنگت ئایندەتە، دەنگ مەدە بۆ ئەوەی ئایندەت تاریك نەبێت!

محسن کەریم 2004-01-11



کرێکاران، ژنان، لاوان، ڕۆشنبیران!

خەڵکی ئازادیخوازو یەکسانیخوازی کوردستان!

یەکێتیو پارتیو حیزبە ئیسلامیو ناسیۆنالیستیەکانی دیکەی کوردستان، بانگەوازتان دەکەن بۆ ئەوەی بەشداری "هەڵبژاردن" بکەن. بۆ ئەم مەبەستە هەڕەشە ئەکەن، درۆتان بۆ ئەکەنو تەنانەت پارەش هەڵدەڕێژن! پێتان دەڵێن: ئەگەر بەشداری هەڵبژاردن نەکەن ، بەشی کورد لە حکومەتی عێراقیدا کەم دەبێت لە چاو شێعەو عەرەبدا، بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردندا خیانەت کردنە لە کورد!

بەڵام مەسەلەکە ڕێك پێچەوانەیەی ئەو پڕوپاگەندەیەی ئەوانە. ئەو حیزبانە بەراپێچکردنو ناچارکردنی خەڵك بۆ ئەوەی بەشداری گاڵتەجاری"هەڵبژاردن" بکەن،خیانەت لە مەسەلەی کورد دەکەن. چونکە مەسەلەی کورد بە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی سەرتاسەری عێراقدا چارەسەر نابێت. ڕاستە ژمارەی وەزیرو کورسی وەزارەتخانەکانی ئەم حیزبانە لەحکومەتی داهاتووی عێراقدا بە بەشداری خەڵك زیاد دەکات، بەڵام کێشەی کورد بە زیادبوونی ژمارەی کورسی ئەوان چارەسەر نابێت.هەروەکو چۆن لە ماوەی دەسەڵاتی 13 ساڵی رابردووی ئەو حیزبانەدا خەڵکی کوردستان هیچ خێرێکی دەستگیر نەبووە، بێجگە لە شەڕو تاڵانچێتی بەرپرسەکانو گەندەڵیو گوێ نەدان بە خزمەتگوزارییەکانی خەڵكو چارەسەر نەکردنی کێشەی کارەباو سوتەمەنیو بێ خانەو لانەیی خەڵكو... تادوایی.

کێشەی کورد بەوە چارەسەر دەبێت کە لە کوردستانی عێراقدا، بە کەرکوکیشەوە، ریفراندۆمێکی گشتیو ئازاد لە ژێر سەرپەرشتی لایەنە نێودەولەتیەکاندا بەرپا بکرێت بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان خۆیان بڕیار لەسەر شێوازی پەیوەندی سیاسی خۆیان لەگەڵ دەوڵەتی عێراقیدا بدەن. واتە دەبێ ریفراندۆمێك بەرپا بکرێت بۆئەوەی خەڵکی کوردستان وەڵام بەو پرسیارە بدەنەوە کە( ئایا کوردستان لە عێراق جیابێتەوەو دەوڵەتێکی سەربەخۆ پێك بێت، یان کوردستان بچێتەوە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقو بە کام مەرجی سیاسیو یاسایی یەوە!؟ )

ئینکار کردنی مافی خەڵکی کوردستان بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ وەڵام بە پرسی سەربەخۆیی، وە پەلکێشکردنیان بۆناو گاڵتەجاری"هەڵبژاردن" جا هەر ناوێکی لێ بنێن: هەڵبژاردن بۆ حکومەتی عێراقی، هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی کوردستانو هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی شارەوانی، زەوتکردنی مافی خەڵکی کوردستانە بۆ دیاریکردنی ئایندەی خۆی بەدەستی خۆی، بەستنەوەی بەزۆری کوردستانی عێراقە بە دەوڵەتی عێراقەوە، راکێشانەوەی خەڵکی کوردستانە بۆ قبوڵکردنەوەی هاووڵاتی پلەدوو! بەشداریکردن لە "هەڵبژاردن" واتە ملدان بە ئایندەیەکی ڕەشو تاریك! بەشدار نەکردنی لە "هەڵبژاردن"و پێداگرتن لەسەر مافی بەپارکردنی ریفراندۆم بۆ کوردستان ئایندەیەکی ڕۆشن دەخاتە پێش دەمی خەڵکی کوردستان. بۆیە خەڵکینە دەنگ مەدەن بە ئایندەیەکی تاریك، داوای ریفراندۆم بکەن بۆ کوردستان!

بەرەو ریفراندۆمێکی گشتی بۆ خەڵکی کوردستان!

بژی خواستی سەربەخۆییو پێکهێنانی دەوڵەتی سیکولارو غەیرە قەومی لە کوردستان!